دابان عباس عوسمان

# شەوێك لە گۆڕستاندا

شەوەو هەموشەقامەكان نوقمی تاریكین
شەوەو هەمومرۆڤەكان نوقمی تاریكین
پێناچێت چ هەناسەیەك بەخەبەربێت
پێناچێت چ چاوانیك نوقمی چاوەڕوانی بێت
منیش لەم تاریكیە بێسنورەدا
لەگۆڕستانیكداوێڵم بەدوای حەقیقەتدا
لەگۆڕستانیكدا وێڵم بەدوای گۆڕێكدا
ئەگەڕێم و وێڵم بەدوای گۆڕێكی وون بوودا
بەئەسپایی هێدی هێدی ڕێ ئەكەم و ئەگەڕێم
قاچەكانم وەك یاری دەستی منالێك هەڵدەلەرزن
دەستەكانم وەك دوو دەستی پیری ماندوو هەڵدەلەرزن
هاواردەكەم ئەی ئەومرۆڤانەی گەیشتون بەحەقیقەت
هاواردەكەم ئەی ئەومرۆڤانەی گەیشتون بەعەدالەت
ڕێمنیشان دەن ڕێگای گۆڕی وون بوو
بێ ئەوەی هیچ ڕۆحێك بیتە جوابم
بێ ئەوەی چ دەنگێك بێتە جوابم
هاواردەكەم گۆری وونبووتۆلەكام جێیێت
دارئەرخەوانی سەرگۆری وونبووتۆلەكامجێێت
دەگەڕێم و وێڵم تادوایەمین هەناسە
دەگەڕێم و وێڵم تادوایەمین چركە
بۆدواجارگەیشتم بەگۆری وون بوو

هاواردەکەم تۆکام جەستەت لەخۆگرتوەگۆڕی وون بوو

گۆڕی وون بو لەمانگ بیٚ دەنگ تربوو

پاش روانینم لەگۆری وون بوو

جەستەی لاویٚك بوبەهاوڕێی چاوەکانم

جەستەیەك پڕلە پرسیاربوبەهاوڕێی چاوەکانم

جەستەی کەسێك کەزیندووبوومردبووش

سیمای وەك پیریٚکی ماندوو لەزەوی وئاسمانەکان

ماندوولەهەناسەی باڵندەکان

چاوەکانی پڕلەفرمێسکی ووشك بوو

لێوەکانی پڕلەوشەی مردوو

هاوارمکردجەستەی نادیار وەرەجوابم

ئەی جەستەی مەحکومی ئەشق وەرەجوابم

تۆئەی خاوەنی گۆڕی نادیار

ئەی خاوەنی جەستەی بن دار

ئەی جەستەی پڕلەخەم وئازار وەرەجوابم

دەنگێك نەبوو وشەیەك نەبوو بێتەجوابم

ڕوانین و وردبونەوەم لەجەستەی نادیار

هێدی هێدی چاوەکانمی هێنایەگریان

دڵی پڕحەسرەتی نامۆی هێنایەگریان

هاوارم کرد پڕبەگۆڕستان

گۆڕی وونبووم دۆزیەوە

گۆڕی وونبوگۆڕی من بوو

گۆڕجەستەی نیوەزیندوی من بوو

دەگریام و لەلاشەی خۆم وردئەبومەوە

**جەنگی هەتاودەستی پێ کرد**

**هێدی هێدی تاریکی شەویش دەستی بەشکست کرد**

**منیش بەئەسپایی و بەتاساوی**

**گۆڕبەگۆڕم بڕی و بەرەونادیار سەفەرمکرد**

**سلێمانی**

2007/9/9